# سومبول له تای تەرازووی واتاسازی کوردیـــــــــــدا
# توێژینەوەیەکـــــــــی شێکارییـــــــــه

پ. ی . د. سەباح موســا عەلــی
مامۆستا لە بەشی کوردی کۆلیژی پەروەردەی / زانکۆی کەرکووک

تاريخ استلام البحث : ٦ / ١٢ / ٢٠١٥ تاريخ نشر البحث: ٢٥ / ١ / ٢٠١٦

## پێشـــەکـی

سیمبول وەك كەرەستەیەكی زیندووی رۆژانە ، كە هەمیشە لە ژیانی رۆژانە و لە هەڵس و كەوت و گفتۆگۆ و دیالۆگ و ئاخاوتن و زۆربواری تر ئامادەیە، بۆیە ئەم بابەتە ئەمڕۆ سەرجەم كون و قوژبنەكانی زانست و مەعریفەی گرتووتەوە و لەوانەش بابەتی واتاسازی كە رووبەرێكی فراوانی دادەپۆشی و هاتۆتە ناو ژیان و بووەتە بابەتێكی گرنگی بابەتەكە و سەرجەم بوارەكانی واتاسازی گرتووتەوە .

سیمبول وەك بابەتێكی زمانەوانی واتایی رولّ و دەری گرنگ و بایەخی لە رۆژگار و سەردەمی ئەمرۆدا هەیە و بووەتە پێویستییەكی زمانەوانی و لە گەلّ كاروانی پێشكەوتووی ژیان هەنگاودەنێیت و بەشێكە لە بابەتەكانی واتا و پراگماتیك,

لەم باسەدا رووناكی دەخرێتە سەر بابەتی سیمبول و بوارەكانی وەك ئابووری و دەروونی و بایەخی لە پێویستییەكانی ژیانی و باسەكە دەكرێتە سی بەشەكەوە لە گەلّ كورتەیە بە زمانی عەرەبیدا و ژمارەیەك پەراوێز و سەرچاوە.

## كورتەیەك :

سادەترین پێناسە بۆ زمان بەم شیوەیە كراوە كە ژمارەیەك لە سیستمی دەنگە و كۆمەلآنی خەڵك بۆ گوزارشت لە پێویستی ماڵی و گیانی رۆژانەیان و راپەراندنی كاروبار بە شێوەیەكی ریكو پیك. واتا زمان (پەیوەستێكی زیندووی بایۆلۆژی ودەروونیەو تاك بە دەوروبەری دەبەستێتەوە و هەستی ئاسۆدەیی و دڵنیایی دەروونی وكۆمەلآیەتی پیّ دەبەخشێت لە پەیوەندی تایبەتیەو گشتی و گوزارشت لە توانای ئاسۆیی لە بوندا) (١) .

ئەگەر تەماشای ئەو پێناسەیە بكرێت بۆمان روون دەبێتەوە كە زۆ لە زمانەوانەكان پێیان وایە زمان بریتییە لە سیستمێكی هەمە نیشانە كە گوزارشت لە بیروباوەرەكان دەكات.

هەر ئەمەش وای کرد کە بیروکەی زمان لە چەند ئاماژەو هێمایەك پەرەبسەنێت و بگاتە ئاستی ئەوەی مرۆ ڤلە ژمارەیەك پێکهاتە ە یەکەی زمانی بەرەو وشەو پێکهاتەی فرێزی و ئەنجا رستەی تەواو و تۆکمە پێك بهێنێت .

((گۆمان لەوەشدا نییە کە داهێنانی نووسین و وێنەکردن لە لای میسری ، ئەکەدی ، سوومەری ، ئاشووری و پاشان هیندییەکان وبیێتە داهێنانی شارستانی گەورە و ئەمەش بەڵگە نەویستە کە مرۆڤ گەیشتۆتە ئاستێکی شارستانی لە مێژوودا هەرچەندە سەرچاوە مێژووییەکان باسی بوونی نووسینی زمانەوانی راستقینەناکەن)(٢).

بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە بیرکردنەوە ی زمانەوانی نەبووە، سۆمەرییەکان ٤٠٠٠پ.ز،ئەکەدییەکان٣٦٠٠پ.ز، میسرییەکان٢٦٠٠پ.ز، لە بواری کارگێری و یاسادانان و بیرو ئەندازە و پێشەسازی و ئابوری و ئەمانە هەمووی ئەوداهێنانە بە بیٚ بوونی زمانی و یاسای زمانەوانی ئەنجام نادرێت .

زاراوەی سیمبول وەکوودیاردەیەکی زمانەوانی لە سەردەمی کۆنەوە بەکارهاتووە و وشەی (symbol) لە کاری symballeim گریکییەوە وەرگێراوە ، کە بە مانای هاوێشتنی بە یەکەوە دەگەیەنێت واتا ( رمز ، دروشم) و بریتییە لە شتێکی گیاندار یان بیٚ گیان کە واتا و شتێکی تر دەگەیەنێت ، ریشەی سیمبول مێژوویەکی دووروودرێژی لە زانستی واتاسازیدا دەنوێنێت .

ئەم زاراوایە لە کۆندا لە دروشمە ئایینییەکاندا وهونەرە جوانەکان بە گشتی و زمان بە تایبەتی بەکارهاتووە ، تاکو ئێستاکە نرخێکی هێماسازی لە لۆژیك و بیرکاری و سیمانتیکدا بە خووە گرتووە ، چەمکی رەمز هەر لە زۆر کۆنەوە مرۆڤز ئەوەی نەیتوانیوە بە زمانی ئاسایی خۆی دەری بڕی بە شێوەیەکی ناراستەخۆ هێمای بۆ کردووە ، لە زمانی عەرەبیدا چەمکی رەمز بەم جۆرە پێناسەکراوە ((ئاماژەکردنێکی شاراوەیە بۆنزیك خۆت و ئاماژەکردنێکە بە وشەیەك کە واتای شتێکی هەستی یان هێمایی جوداو جیاواز بە پێی خەیاڵ و درك کردنی مەوداکەی بە گوێرەی ئاستی رۆشنبیری و مەعریفی و ئاسکی هەست ، هەندێکیان لایەنێك دەبێنن و هەندێکی تریان لایەنێکی تر یان بە ئاشکرا دەردەکەوێت ورۆشنبیرلێی تیٚ دەگات))(٣).

هەروەها لە بواری ئەدەب و وێژە ، چەمکی سیمبول یان رەمز لە زووەوە لە ناو ئەدەبیاتی جیهانیدا ریشەی داکۆتاوە، لە کۆندا ئەفسانەکان کەرەستەی ئەدەبی و وزانست بوون، بەڵام ئەمڕۆ وێنەی شیعری جێگای ئەفسانەکانی گرتۆتەوە.

((تندال tindall) دەڵێت وینەی شیعری لە بنچینەدا جۆرێکە لە رەمز چونکە بیروهەست بەرجەستە دەکات وشاعیر گوزارشتی بیٚ سنووری پێدەکات ، (ویبستەرwebster)چەمکی رەمز دەست نیشان

دەكات و دەڵێت ( رەمز ئەوەیە كە ئاماژەیەكی تر یان مانایەكی تر دەكات لە رێگای بوونی پەیوەندییەكلە نێوانیان ، سیمبول دیاردەیەكی جێگیر چ لە شیعروچیرۆك و بەرهەمە هونەرییەكاندا و لویس هۆزیك دەڵێت شیعرێك نییە كە تۆزیك رەمزی تێدا نەبێت و بوونی لە واقیعەوە وەردەگرێت ئەگاتە توانای تێگەیشتنی دەبێت دیارە لەو كاتەدا واقیع و بارۆدۆخ تێپەر دەكات و زیاتر رووتتر و جوانتر دەبێت ))(٤).

سیمبول و هێما دوو كەرەستەی جیاوازن لە بواری زمان و واتاسازید او هێما بەشێكە لە بوونی جیهانی ماددی ، بەڵام سیمبول پەیوەستە بەو شتەی كە بە شێوەیەكی چەسپاو ئاماژەی بۆ دەكرێت و هەر هێمایەك ئاماژە بۆ تاكە شتێك دەكات بەڵام سیمبول گشتییە و ئاماژە بۆ زیاتر لە شتێكدەكات ، تەنیا بە وێنە كێشانی شتە ماددییەكان ناوەستێت بەڵكو هەوڵ دەدات بە گواستنەوەی ئەو كارێگەرییەی كە لە سەر دەروونی هەیە و بایەخ بە گوزارشت كردنی كەشە نادیارەكاندەدا كە بۆ قوڵایی خود شۆر دەبێتەوە.

## بەشی یەكەم : چوونە ناو باسەكە:

### تەوەری یەكەم : چەمك و پێناسەی سونبول و هێما

دوو پیاو لە بازاری جەنجاڵی ناو شار گفتۆگۆی رۆژانەی خۆیان دەكردوئەوەی سەرنجی راكێشا بابەتەكەیان هێنایە سەر سەر كێشەی پاسی ناو شار و هاتە گوێ یەكێكیان بە وەی تر ی دەووت كەی كاتی ئەوە ماوە خەڵكی بە (كۆستەر) هاتۆچۆ بكەن و ئێستاكە دەڵێن لە وڵاتان میترۆ و شتی لەوە پێشكەوتووتر پەیدا بووە ، كەچی لای خۆمان هەر ئەوەی پێش سی ساڵە و هاوڕێیەكەی ووتی ئەنجا لە هەندێك ناوچە پێی دەوترێت ( نێرین –هەولێر) ، ئەم دوو زاراوەیە بە راستی سەرنجی راكێشا و هاتێنە سەر ئەوەی ئەم دوو زاراوەیە لە زمانی كوردی چۆن سەرچاوەوی گرتووە و بۆ چ بوارێك بەكاردێت

لێرەدا باسی هەردوو زاراوەی ( سونبول) و (هێما) دێتەو ئاراوە ، سونبول واتا (رمز) لە زمانی عەرەبی و(هێما) واتا (اشارە)، ئەم دوو زاراوەیە نەك هەر لە بواری زمانەوانی بەكار دێت ، بەڵكو لە بواری ئەدەب و رەوانبێژیش زۆر بەكاردێت، تەنانەت بووەتە زاراوەیەكی ئاسایی و رۆژانە لە سەر زاری خەڵكان و لە توێی كتێب و رۆژنامە و گۆڤارەكانیش دووبارە دەبێتەوە و ئەوەی لێرەدا مەبەستە زۆر لە رۆشنبیرو رووناكبیرەكان جیاوازی لە نێوان ئەم دوو زاراوەیە ناكەن و بە تێكەڵاوی باسی دەكەن.

له بارەی پێناسەی زاراوەی (سونبول) زۆر پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە و هەندێکیان لە خاڵی هاوبەش یەك دەگرنەوە و هەندێکی کەمی تریان جیاوازن ، یەکێك لەو پێناسانە دەڵێت (سونبول هۆیەکە بۆناساندنی شتومەك بەڵگەیەکە بۆپشت راست کردنەوەی شتێك کە ڕێکەوتنی لە سەرە(٥).

فەرهەنگی (ئوکسفۆرد)ئاماژە بەو زاراوەیە دەکات و زیاتر رووناکی دەخاتە سەر ئەم زاراوەیە ودەڵێت(سونبول بریتییە لەوەی شتێك لە جێی شتێکی تر بێت یان بەرجەستە بکات یان دەلالەتی لە سەر بکات یان ویکچوونیٚ بە ڕێکەوتن و رەزامەندی لە سەر هەبێت)(٦).

سۆسیر بەم شێوەیە پێناسەی دەکات ( نیشانەی سونبول نیشانەیەکی رەمەکی نییە پەیوەست بێت بە دانانەوە ،بەڵکو لە سەر بنەمای پەیوەندی سروشتی نێوان ناو و ناولێنراودا)(٧).

زماnناس (یۆریگۆ) پێی وایە سونبول وشەیەکی پڕ بە پێست نییە چونکە پاش سۆسیر بووە باو کە جیاوازی بکرێت لە نێوان ئاماژە و سونبول ،لێرەدا واتای پەیوەستە بە ئاماژە و کارەکە رەمەکی نییە بەڵکو روون و ئاشکرایەو و هەموو لە سەری کۆکن)(٨).

وەك نیشانەی سوور ی بواری ڕێگاوبان ، کە واتای وەستان دێت و لای هەموو ئاشکرایەو ڕێکەوتن لە سەری هەیە.

یۆریگۆ دەپرسێت و دەلێت ئایا وشەکە ئاماژەیە یان سونبولە، گۆمان نییە ئاماژەیە و روون و ئاشکرا پێمان دەڵێت کە کۆمەڵکا هەموو لە سەر ئەو ئاماژەیە کۆك و هاوران.

(زماnناس ویبستەر) بەم شێوەیە پێناسەی سونبول دەکات (هەموو کورەستەیەك کە گوزارشت لە کۆمەلێك بەهاو مانا واتا بکات دەبێتە سونبول ، لەوانەشە لە هەمان کاتدا سونبول بێت بۆ بوارێکی تر و لەوانەش لێرە گوزارشت لە بابەتێك بکات لای میللە تێکی تر یان شوینێکی تر بابەتێکی تر بێت ، کۆتر سونبولە و گوزارشت ل ئاشتی و خۆشی و ئاسۆدەیی دەکات، ئەمە دیارە لە هەمان کاتدا سونبولە وگوزارشت لە پاکی و خاوێنی دەکات ، بۆیە لە مەیدانی جەنگدا نیشانەی ئاشتی دەگەیەنێت و لە هەندی بوار گوزارشت لە پاکی و خاوێنی دەکات .

هەندێك جار تێکەلاٚوی دروست دەبێت لە نێوان سونبول و ئاماژە یان هێما سونبول(symbol)و ئاماژە (sign) وەك دوو وشەی هاوواتا ، هەرچەندە بەشێك لە زمانەوانەکان پێیان وایە هەردوو زاراوەکە زۆر جیاوازن .

**تەوەری دووەم : راو بۆچوونی جیاواز:**

زۆربەی زمانناسان وای بۆ دەچن کە سونبول زۆر جیاوازە لە گەڵ نیشانە و ئاماژە و هێما و دەڵێن (سومبول) ئاماژە بۆچەمك و بۆچوون و بیر دەکات ، هەر وەها دەتوانرێت لە نیشانە بگەین بە ئاسانی بە پێچەوانە سومبول ، زمانەوانەکان دەڵێن ناولێنراو بە ئاسانی ئاماژەی بۆ دەکرێت بە وێنە ( ئاڵا یان رەنگ) کە لە سەر رێگایەك هەڵبکرێت .. ئەوا نیشانەی ئاستەنگێك لە سەر رێگاکە بوونی هەیە ( ئەگەر رەنگی ئاڵاکە سوور بوو ) ، بەڵام هەمان ئاڵا لە سەر باڵەخانەی دەزگایەك یان دامەزراویٚ وڵاتێك شەکاوە بووە ، ئەوا ناولێنراوەکە زۆر ئاڵۆز و قورس دەبێت.چونکە لێرەدا هەڵگری ئایدولۆژییەت و سەروەری یان دەلالەتی لە سیستمی سیاسی و قەوارەو پێگەی سیاسی وڵات دەکات، ئاڵای یەکەم ئاماژەیە بۆ بارێکی ترسناك و مەترسی و سەرنج راکیشان و دووەم سومبولە بۆ سەروەری و شکۆمەندی وڵاتێك یان پیرۆزی ناوچەیەك یان هەریمێك.

زانایانی زمان زۆر لێکدانەوەی جۆراوجۆریان سەبارەت بە چەمکی (سومبول) ە، بەهاکەی نیشان داوە و بۆ زۆر بابەت و بوار بەکاری دەهێنن ، یەکێك لەو لێکدانانەوە پەیوەستە بە هۆکاری دەروونی و ئەوەش لە یاد نەچێت کە هۆکارۆی رامیاری و جوگرافی و ئابوری و کۆمەڵایەتی رۆڵی بەرچاویان هەیە ، لێرەدا بە کورتی رووناکی و تیشك دەخەینە سەر لایەنی هۆکارە دەروونییەکان و کاریگەری راستەوخۆی لە سەر دروست بوونی و پەیدا بوونی ریکەوتنی سومبولی لەو زاراوایە ،( خاچ) بۆ کریستیانی و فەلە و غەیرە مەسیحی هەمان بابەت وشتە ، یەك هێما واتای هەیە و نابێتە دوو واتا و نیشانەکەی لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر ناگۆرێت مادامەکی کۆمەڵگا لە سەری رێکەوتوون ، وەك گلۆپی سوور لە ترافیك لایتدا ئاماژەیە بۆ وەستان ، بەڵام لە شوێن و کاتی تر واتا و مانای تر دەگەیەنێت ، لە دەرگای ستۆدیۆی تی ڤی واتا پەخشی راستەوخۆیە و بۆت نییە بچیتە ژوورەوە ، یان لە هۆڵی کوبونەوە واتا کوبونەوە بەردەوامە و چوونە ژوورەوە قەدەخەیە و بەم شێوەیە و کەچی خوشوویستێك بۆ نیشالندانی وەفاداری و دڵسۆزی و ئەڤین بۆ یارەکەی گوڵێکی رەنگی سووری پێشکەش دەکات و زۆر بواری تر ، هەڵکردنی ئاڵای سوور لە سەربازیدا نیشانەی جەنگ و مەترسییە( خاچ) ەکەش رەمزە بۆ پیرۆز و ئایینی بیٚ گەردی.

**تەوەری سێیەم : سونبول وەك کەرەستەیەکی ئابوری و ماڵداری :**

مرۆ ڤ لە گشت کات و سەردەمێکدا بە تەنگ ئەوە وەیە کە دەست بگرێت بەو وزەیەوە کە قسەی پێدەکات، واتا تا بۆی بکرێت زمان باڵانسی سەرفکردنی وزە رادەگرێت و بەردەوام خۆی لە گەڵ هەموو بارۆدۆخێکی نوێدا رێکدەخات تا رێگا بگرێت لە بە فێڕۆدانی وزە و نەهێلێت بە خۆرایی لە کیس بچێت، دیارە لە پروسەی قسەکردندا، مرۆ ڤ لە بەرهەمهێنانی بچووکترین کەرەستەی زمان کە فۆنیمە بۆ گەورەترین کەرەستە کە رستەیە، هەمیشە پشت بە ورێژە وزەیە دەبەستێت کە لەشی بە چەندین پرۆسەی ئاڵۆز بەدەست دەهێنێت ، هەر لە بەر ئەوەشە کە ئابووریکردن لە زماندا هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە و بۆ جێبە جێکردی ئەرکەکەی کە قسەکردنە.(٩)

له هەندێك بەكارهێنانی زماندا ، بابەتی ئابوری و ماڵداری له زماندا كارێكی زۆر گرنگوپێویسته ، وەك بابەتێكی هەنووكەیی و سەردەمییانه ی ژیان و زمانیش وەك كەرەستەیەكی گرنگ و پڕ بایەخ بۆ خزمەتی كۆمەڵگا ، پیوێسته رەچار بكرێت بۆ ئەوەی زمان خۆشتر و جوانتر و ئاسانتر بێت له سەر ئاخاوتن و دیالۆگ وگفتۆگۆ ، بەشێك لەم بابەته زمانەوانییه واتا زمانی ئابوری و ماڵداری ، سومبول رۆڵی بەرچاوی هەیه بۆ هێنانه بەرهەم ، رۆژگارو سەردەمەكه وا پێویست دەكات كه ماڵداری بكرێت ، چۆن له گشت بوارو سۆچێكی ژیان پێویستی به ئابوری كردنودەست پێوە گرتن هەیه، هەر بەوێنه له جیاتی بڵێین ( شاری هەولێر .. پایتەختی هەریمی كوردستان) ، ماڵداری لەم دەستەواژەیه دەكرێت و دەوترێت (پایتەخت)، دەوترێت ( دەچم بۆ شاری هەولێر ) ، كورت دەكرێتەوە بۆ ( دەچم بۆ پایتەخت) ، ژیان و سەردەم و ژینگەكه وا پێویست دەكات كه كەم بڕی و كورت بڕی بكرێت. پرۆفیسۆر ( ب . ماڵبیرگBertil ,Malmberg) كه سەر به قوتابخانەی فەرەنسییه له بارەی ئەم دیاردەیەوە دەڵێت ((له كاتی دركاندنی دەنگه زمانییەكاندا قسەكەر هەوڵ دەدات بۆ دەستەبەركردنی بەرزترین ئاستی گوزارشتكردن له بەرانبەر كەمترین وزەدا ، هەر له بەر ئەمهۆیه قسەكەر هەوڵ دەدات له كاتەی پێكەوە بەستنی دەنگێك به دەنگێكی ترەوە دوور كەوێتەوە له جووله دەربراوەكان كه دەتوانرێت وازی لێ بهێنرێت بۆ بەدەسهێنانی دەنگی ویسراو له كاتی به دوایەكداهاتنی دوو دەنگی وەك یەك ، بۆ نموونه له گوزارشتكردنی ئیكونۆمی دەكرێت له وزەدا به فرێدانی یەكێك له دەنگەكان . خەڵكی سوریا كه بیەوی بچێت بۆ ( دیمەشق) ی پایتەختی سوریا ، كورت بڕی وماڵداری له زماندا دەكرێت ، دەڵێت ( دەچم بۆ شام) ، لێرەدا وشەی (شام) سومبولێكه بۆ پایتەختی وڵاتی سوریا ، له سەردەمی كۆندا وشەی ( شام) گۆزارشتی له هەر چوار وڵاتی ناوچەكه ( سوریا ولوبنان و ئەردەن و فەلەستین)بوو ، كەچی كورت كرایەوەو ناوەكه دابڕایه سەر پایتەختی سوریا ، لێرەدا وشەی شام وەك سومبول بۆ ئەم بابەته .

له كۆمەڵگای كوردەواریدا ژمارەیەك ناوی ناسراوی ناو میللەت ، وەك سومبول بۆ جۆرە ماشین و ئۆتۆمبیلی تازە بابەته بەكاردێت ، به وێنه ( وەنەوشه ، مەرزییه ، ئۆباما ، ...) وەك سومبول وەك ئاماژە بۆ ژمارەیەك ئۆتۆمبیل بەكار دەهێنرێت، كه تایبەتن و دیارن.

له زمانی عەرەبیدا زۆر وشەو زاراوە وەك سومبول بەرچاودەكەوێت ، كه دەنووسرێت وشەی (سەورە – شۆڕش) ، بنچ و رەگی ئەم ناوە له گیانلەبەری ( سەور – گا) هاتووە ، ئەو گیانلەبەرە له هەڵچوون و هیرش بردن زۆر بەهێز وتوندە بۆیه ناوی ئەو گیانلەبەرە وەك سومبول بۆ شاڵاوی كۆمەڵانی خەڵك بۆ گۆڕینی سیستم و رژیمی وڵاتێك ، بۆیه ناوی ( سەورە ) سومبوله بۆ ئازایەتی وجوامیری و قارەمانیتی میللەت.

## بەشی دووەم :

### تەوەری یەکەم: بوارەکانی سونبول لە واتا سازی و پراگماتیك:

زاراوەی ( سونبول) چەمكێكی بەرفراوانی چالاكە ,, بواری بەكارهێنانی زۆر فراوانە .. بە پێی رۆژو سەردەم و پێشكەوتن و گەشەندنی ژیان و زمانیش بەشێكی نەپچراوی ئەو پێشكەوتن و گەشەسەندنەیە،ئایین و مەزهەب و راوبۆچوون و ئایدیا و ئایدۆلۆژییەت ،بە پێی دابونەریت و هەڵس و كەوت و باری كۆمەڵایەتی رۆڵی گەوریان لە بواری گەشەسەندن و نەشونما كردنی سومبول ، ئەمەش لە گۆران و جێگۆرکییە ، وشەی ( كۆستەر ، پاس ، مونشەئە، ....) لە سالآنی پێشوو بوۆگوزارشت لە جۆرە ماشینە نەفەر هەڵگرە دەكات ، پێشكەوتنەكە لە گەل تەكنەلۆژیا و گەشەسەندن بوو ، ئەمرۆ ئەو جۆرە ماشینانە كەم بوونەتەوە و ماشینی سەردەمییانە هاتۆنەتە ئاراوە ، ئێستا ماشینی نویٚ هاتۆتە و بەرهەم و زاراواكەنی ئەو ماشینە گۆراوە وەكوو( كەییا ، فارە،جیم سی و زۆری تر) .

لە بواری كۆمەڵایەتی زۆر وشەی لە ژیانی رۆژانەی كۆمەڵایەتی رۆڵی بەرچاوی هەیە ، كە دەوتریت (ئەحە ژنانی) گۆزارشت لە كەسێكی زۆر ژنانی دەكات دەوترێت ، (چلێس بۆ رژشتی و رەزیلی ) ، (چاوچنووك) بۆبواری تەماحكاری ، ( خولە پیزە) بۆ ئازایەتی ،

لە بواری رامیاری و دبلۆماسییەت زۆر وشەو زاراوەی سونبول لە گەل سەردەمەكە هاتووە (پەكەكە ) رێكخراوێكی چەكدارانەی كوردییە و هەمان شت بۆ پژاك و هەدەپە یەدەپە و پارتی و یەكێتی و لە ئاستی نێو دەوڵەتی ( یۆنسیف ، یۆنسكۆ ، یۆ ئێن ، داعش، سی ئای ئەی ، كەی جی بی، ئەلیزیە ، كۆشكی سپی، سی ئێن ئێن ، ئێن ئار تی ، كەی ئێن ئێن ، گۆڕان ، كرملین، مەككە ، نەجەف ، كەربەلا ، حەسەن ، حوٚسێن، زۆری تر).

هەر یەكی لەم لیكسیمانە سومبولی بواریكی گەورەیە و اتا و دەلالەتی هەیە ،ئەمەش گەشەسەندنی زمان و ئاریشەكانی زمانە .

لە بواری ئابوری و بازرگانی ،ژمارەیەك كەرەستەی زمانەوانی بۆ گوزارشت ودەربرینی بەشێكی گەورەی ژیان ، هەر بە وێنە ( حەمە ئاغای كۆیە، حەمە قەدۆ ، چاوبرسی ، چاوچنووك ، چاوتەنگ، حاتەم تائی، زۆری تر) .

لە بواری ئازایەتی و جوامیرایەتی و نەترسی (بواری دەروونی) زۆر زاراوە دروست بوونە، هەمووی لە ئەزموون و تاقیكردنەوەی رۆژگارو خۆشی و ناخۆشی ژیانە( فسف س پالەوان ، جولەكە ، مێردە زمە ، خێو ، خدر زندە ، هتد)

**تەوەری دووەم :سومبول ..بەرهەمی هزرو مێشك**

کارو رۆڵی سومبول پابەندە بە ناوەڕۆکی هزر بیر و میشك و هوشداری ، لێرەدا زمان سەرجەم هەموو ئەرکە ئاساییەکانی خۆی لە دەست دەدات و ئەرکی بچربچر و لە پێکهاتەیدا ناوەڕۆکی سومبولی دەبێت و ناوەڕۆکی رۆشنبیری پابەندە بە یادەوەری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری عەمبارکراو لە مێشکوهزردا..بە وێنە ( بۆ کەسێکی نەخۆش بە دابڕان – انفسام) واتا دابڕانی کەسایەتی لە هەر سیمبولێکی رۆشنبیری یان ئەدەبی یان زانستی تێناگات ، یادەوەری مێشك و دەماخ رێگا نادات سوود لەو زانستە مەعریفییە وەربگرێت ، ئەگەر تەماشا بکەین زۆر بابە ت لە فەرهەنگی یادەوەری نامێنیت و تەنیا چەند کەرەستەیەکی کەم و تەسك لە دەوروبەری سەیڤ دەکات ، (لە رووی فەسلەجییەوە زمان رۆڵی خۆی دەبێنێت و پانتایەکی فراوان و رووبەرێکی گەورە دادەپۆشیت ، بەپێچەوانەوە لێرەدا بواری سومبول تەسك دەبێت وکەرەستەکانی بەرتەسکدەبن وفەرهەنگی بەکارهێنان بجووك و لاواز دەبیٚ)(١١).

بە وێنە ، ئەوەی دووچاری زۆر تەخۆشی دەروونی و میشك و دەماخ و زمان دەبێت ، فەرهەنگی زاراوەکان تەسك دەبنەوە و سومبولەکان واتا ومانای نامینی ، رووداوەکانی ژیان و کارێگەرەکانی و رەنگدانەوەی لە فەرهەنگی رۆژانە ی ژیانی روون نییە ، ئەمەش راستەوخۆرەنگدانەوەی لە سەر کەرەستەکانی سونبول بەرچاودەکەوێت .

مۆزیك بەرجەستەی وێنە تەواوەکانی شت و کەرەستەی جۆراوجۆر دەکات ، وۆر جار وێنەی پەیوەندی و بەرزو نزمی ئاوازەکان و کاتیش دەست نیشان دەکات ، مۆزیك جیهانێکی تایبەتە ن کە سیمبول بۆ خۆشی و ناخۆشی ، بۆ ژیان و سەروەری و نیشتمان و بەهاکان و .....

لە ناو ئەو مۆزیکە زمانێکی تایبەتییە و بە پێی سومبولی دیارکراوی سادەی نیشان دەدات ( دۆ – رێ – مێ – فا – سۆ – لا سی –) ئەمانە زمانێکی تایبەتە ، موزیك ژەنەکان بە ئامیرەکانیان مامەلە لە گەڵیدا دەکەن ، بەڵام لە رێگای ئەو تێکهەڵکیشییەوە کۆمەڵێك ئاوازی دیاری کراوی دەبەخشن و هەر یەکێك لەو ئاوازانە سومبولێکەوبە پێی بەرزو نزمی سومبولەکان دەگۆڕن ، بۆخۆشی ، بۆ باری جەنگ ، بۆخۆشەویستی ، بۆغەریبی و نامۆیی ، بۆ زۆر بواری تر....

## بەشی سییەم :

### هاتنە بەرهەمی سیمبول لە واتاسازیدا

سیمبول وەك كەرەستەیەكی واتاسازی زمانەوانی لە ئەنجامی پێشكەوتن وگەشەسەندن و نەشونماكردنی كۆمەڵگا دێتە ئاراوە و هۆشیاری كۆمەڵان چەند بەرزوگەورە بێت ، ئەوەندە كەرەستەكانی سیمبول فراوان دەبێت و وای لێ دێت كە رۆژانە بۆ گشت بوارێك و بۆنەیەك و گفتۆگۆیەك دێتە ئاراوەو تا دەگاتە ئەوەی بچێتە خانە و ئاستی پراگماتیكەوە و وەك كەرەستەیەكی زیندووی پراگماتیكی تەماشای بكرێت و مامەلەی لە گەڵدا بكات.

(سیمبول ئەنجامی پروسەی گۆرینەوە یان جیكۆركیی ، واقیعو بارودۆخی ژیان لە كۆمەڵە سیمبولێك كۆدەبێتەوە ، واتا زمان برێتییە لە كۆمەڵە سیمبولێكی تێكهەڵكێش، كە گۆمەڵگا لە سەری كۆكن)(١٢).

بە وێنە (دراو) نرخی شتومەكە، لە راستیدا نرخ نییە ، بەڵكو گۆزارشت لە نرخ دەكات ، كۆمەڵگا هێناویەتە بەرهەم و بۆ پێویستی ژیان و بەرێوەچوونی ، نرخە بۆ خانوو ، بەرهەمێك ، كارگەیەك، كەرەستەیەك، ماشینێك،...هتد، لە روانگەی واتاسازییەوە ، ناوەكە( دراو) ەو ناولێنراوەكە ( خانووەكەیە) واتا نرخەكەیەتی ، دراوەكە بووەتە سیمبول بۆكەرەستەیەكی بەرانبەر ،سیمبول ئەو گۆزارشتەیە یان ئەو دەربڕێن و رێكەوتنەیە كە كۆمەڵ و مرۆڤایەتی هێناویەتی ئاراوە، كە خۆی لە دراو، پێش نێو سەدە ، لە ناوچەی هەولێربە ئۆتۆمبیلی نەفەر هەلگری گواستنەوە دەوترا ( نێرین) ، لەسلێمانی پێی دەوترا ( پۆلۆنی :بەرهەمی وڵاتی پۆلۆنیا بوو)یان بە قسەی بازار پێیان دەووت ( ترحێو) ، لە وڵاتی میسر پێی دەڵێن ( حەنتورە) ، لەگەرەگی شوریجەی كەركووكدەوترا(سفینە) ، تەماشا دەكرێت ، هەر چوار وشەكە ( نێرین ، پۆلۆنی، حەنۆرە ، سفینە) هەمووی زادەی بەرهەمی زمانی مرۆڤە و كۆمەڵگا رێكن لە سەری و هەر چواریان بوونەتە سیمبول بۆ ئاماژە بە پاسی نەفەرهەڵگری هاوڵاتیان.

لێرەدا (دراو و پاس )وەك پێویستییەكی كۆمەڵگا هاتووتە ئاراوە و بەرهەم هێنراوە ، پیش داهاتنی ماشینی نەفەرهەڵگر ئەو وشانە دەلالەتی لی لیكسم وكەستەی دیكە دەكرد ، ئێستاكە ئەو واتایەی لە دەستداوە و دابڕاوە بۆ بابەتێكی تر واتا، جاران لە سەردەمی بەرایی كۆمەڵگا ، وئاڵوگۆری شتومەك هەبووەو لە گەڵ گەشەسەندنی كۆمەڵگا پێویست بووە ، كە كەرەستەیەكی نوێ بێتە ئاراوە ، ئەلتەرناتیڤی ئەو گۆرینەوە بێت كە پێی دەوترا ( موقایەزە ، سەوداكردن) ، مرۆڤایەتی لە گەڵ هۆشیاری و پێشكەوتن بیری لە دراوكردۆتەوە و ئەنجا دراو بووەتە نرخ بۆ كەلوپەل .. بۆ پێداویستتیەكان .. بۆ بەرێوەبردنی و بەرێوەچوونی كاری رۆژانە، ئەو دراوە بووەتە سیمبول و دەربرێنی نرخی كاڵەكان و ئەگەر چی دراوەكە لە ئاسن یان كاغەز بێت.

سیمبول بارێکی مرۆڤایەتی کاتییە ، مرۆ ڤ لە سەردەمی کیوییێوە لە بەرایییەکانەوە تا سەردەمی شارستانییەتی ئەمرۆ ،سیمبول بووەتە یەکێك لە نیشانەکانی ئەو گۆرانکارییە، گیانلەبەر ە ئاژەڵلە توانایان نییە سیمبول بهێنە بەرهەم لە ژیان و چالاکی رۆژانە ، چونکە وەکیاسمان کرد پابەندە بە هزرو میشك و ئاستی هۆشیاری کومەڵگا ، بۆیە پێکهاتەی مرۆڤایەتی پێکهاتیەکی سیمبولییە، سیمبول بەرهەم و دروست کراوەی مرۆڤە ، نەك پێچەوانەی مرۆڤە .

(لاکان)ی زمانەوان دەڵێت مرۆڤجێگیرەوەی سیمبولە، وات بیّ ئەو ژینگەو بارودۆخە نابێتە مرۆڤ، گەر سیمبول تەبێت ، بە مانایەکی دیکە مرۆڤ دەگەرێتەوە بۆ رۆژگاروسەردەم و قۆناخی پێشمرۆڤایەتی.

## فەرهەنگی بوارەکانی سیمبول لە واتاسازیدا

### فەرهەنگی گیانلەبەر:

کۆتر : سومبولە بۆ ئاشتی و ئاسۆدەیی و دڵپاکی و نیازپاکی

کونە پەپوو: سیمبولە بۆ شومی و نارەحەتی

تێتر واسك: سیمبولە کاتیك بە سەر شارێك تێپەر دەبێت و دەخوێنێت، واتای ماڵویرانی و خراپە

رێوی بێتە سەر رێگا: واتای باشی وچاکە دێتە رێگا

وەرپینی سەگ:باش نییە

مریشك بار بخات : واتا میوان روو لەماڵ دەکات

### فەرهەنگی رەنگەکان:

سپی : ئاشتی و نیاز پاکی

سوور : گۆزارشت لە ترسناکی و مەترسی

سەوز : بۆبۆژانەوەو نوێکردنەوەی ژیان

زەرد : بۆ گەڵارێزان و بە سەر چوون و لاوازی تەمەن و ژیان

رەش : بۆ ناخۆشی و خەم وخەفەت

ئەرخەوانی : بۆ گەشبینی وخۆشی

**ناو و ناوی شار:**

**مامە ریشە:کوردایەتی**

**ئۆمەری خاوەر: قوربانیدان**

**ڤینۆس،ڤالانتاین:ئەڤین و خوشەویستی**

**پەیکەری نێویۆرك :مافی مرۆڤ و ئازادی**

**تەرازوو:داد ودادوەری**

**نوگرە سەلمان :ئەنفال**

**ئەمنە سوورەکە:زولمو**

**پایتەخت: مەڵبەندی بریار وحکومەت**

**ئەلیزیە: کۆشکی بریاردانی فەرەنسا**

**بەکری مەم و زین : سیمبولە بۆ کەسیٚ دووبەرەکی و ناخۆشی دروست بکات**

**کرملین:بۆ رووسیا**

**پێشمەرگە : ئازایەتی و جوامیرایەتی**

**کۆماری مەهاباد: بۆ سەربەخۆیی**

**بەردە قارەمان : سیمبولی ئازادی**

**قەڵاو مینارە: پایتەخت**

**فاتیکان : مەرجەعییەتی مەسیحییەت**

**ئاوەڵناو سیفەت :**

**هەڵمەت و قوربانی (شاری رۆشنبیری)**

**جل شۆرەکان: سیخۆریتی و جاسوسییەت بۆ بێگانە**

**گەلا بە سەرەکان : تالانچی و مشەخۆر**

**جاش: خۆفرۆشی**

**گەڵای زەیتوون: ئاشتی**

**دووپەنجە:سەرکەوتن و سەرفرازی**

**جوولەکە: ترسنۆکی و رەزیلی**

## پەراوێــــــــــزەكان:

١. فلسفه اللغه ، يوسف الحاج، دار النهارللنشر، بيروت ، لبنان، ل٣
٢. في اللسانيات العامه ، مصكفى غلمان ، بيروت ، لوبنان ، ٢٠١٠، ل٨٩
٣. د. دەروون عبدالرحمن صالح ، ئیكۆنۆمی لە زماندا ، هەولێر،٢٠١٢ ل٣٢
٤. رەخنەی نوێی كوردی ، د.محمد معروف ، هەولێر ، ٢٠٠٧، ل ٤٧
٥. د, دەروون عبدالرحمن صالح، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٣
٦. ==== ===== === === ===
٧. علم الدلاله ، د.احمد مختار عمر ، القاهره ، مصر ،١٩٨٦
٨. الرمزيه الاجتماعيه( المعجم النقدى لعلم الاجتماع)، لۆدۆڤ،ووف،لۆريكۆ، المؤسسه الجامعيه للدراست ووالنشر، بيروت، ١٩٨٦، ل٣٤١
٩. ئیكۆنۆمی لە ئاستەكانی زماندا، سەرچاوەی پێشوو، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩
١٠. د. دەرەەن عبدالرحمن صالح، سەرچاوەی پیشوو ، ل٢٩
١١. – , g – devereux ,fantasy and symbol,London ,newyork 1977 ,p 19
١٢. – لعبه الترمين، د. عبدالهادی عبدالرحمن ،بيروت ،٢٠٠٨،ل٥١


## سەرچاوەكان

*د.دەروون عبدالرحمن سالح ، ئیكۆنۆمی لە زمان ، هەولێر،٢٠١٢*

١. *رەخنەی نوییٚ كوردی ، د. محمد معروف ، هەولێر ، ٢٠٠٧*
٢. *ليكسيكۆلۆژی وشەو رستە ، د. عبدالواحدموشير دزەيی ، هەولێر ، ٢٠١٠*
٣. *لعبه الترميز،د.عبدالهادی عبدالرحمن، بيروت، ٢٠٠٨*
٤. *د. حسام بهناوی ،علم الدلاله والنڤريات الدلاليه الحديپه، القاهره،مصر،٢٠٠٩*
٥. *پۆدۆف،وف،لۆريكۆ، الرمزيه الاجتماعيه،المجم النقدى لعلم الاجتماع، ترجمه(المؤسسه الجامعيه للدراسات والنشر، بيروت لبنان، ١٩٨٦*
٦. *يوسف الحاج، فلسفه اللغه ، دارالنهار للنشر، بيروت،١٩٧*
٧. *د. مصكفى غلفان، في اللسانياتالعامه،بيروت، لوبنان،٢٠١٠٨٠*
٨. *بێخاڵ عبدالله سعيد ، واتاسازی ، نامەی ماستەر ، هەولێر،١٩٨٩*

## ملخص البحث باللغة العربية

**الترميز والرمز في دلالة اللغة الكوردية**

**موضوع الرمزمن المواضيع المهمة والتي تشغل مساحة واسعة في علم اللغة وعلى الأخص في علم الدلالة ومما لا شك فيه ان الأنسان استعمل الرمز في مجالات الحياة المتعددة وهي ناتجة عن تجربة وحدث قد مر عليه او خاضه عبر الازمنة المختلفة.**

**وقد احتل مساحة واسعة في علم الدلالة والمعنى حيث تم التطرق في بحثنا الى مفهوم الرمزوالترميزو عن تطور الرمزوهي دلالة وتعبير عن شيء تعني الكثير وتطرق في البحث عن دور الرمزفي شتى المجالات من منظور علمي واقتصادي وقد استعين بالعديد من الامثلة عن مجال استعماله وآفاق دلالته في اللغة .**

**البحث تتكون من فصلين اضافة الى قاموسصغير مع المصادر وملخص الموضوع.**